ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دانانی جۆرەپیتی نوێ لە ویندۆز.**

نووسەر: @:

چۆن جۆرەپیت (Font، فۆنت)ـی نوێ دادەنرێ لە ویندۆز؟ لەم وانەیەدا وەڵامی ئەو پرسیارە شیدەکەمەوە، هەرچەند شتێکی زۆر گران نیە بۆ هەموو بەکارهێنەرێکی کۆمیوتەر، بەڵام کەسانیش زۆرن کە ئەم جۆرە زانیاریەیان پێویستە.
زۆر جارێک لەبەر دیزانکردنی شێوەیەک یان وێنەیەک یان هەرشتێکی دیکە، کە بتەوێ نووسینێکی لەسەر بنووسی، پێویستت بە جۆرەپیتی دەبێ. جگە لەوانەی کە لە نێو ویندۆز دا هەن. لە ئینتەرنێت دا جۆرەپیتی سەربەست هەن کە دەتوانی دایانبگریت و سوودیان لێببینی لە کاتی دیزانکردن دا یان لە هەر بوارێکی دیکەدا.
چەند بەستەرێک:
http://www.1001freefonts.com
http://www.fontfreak.com
http://www.coolarchive.com/fonts.cfm
ئێرەش خراپ نیە.
http://www.google.com/search?sourceid=navclient&ie=UTF-8&q=Free+Fonts
چەند ڕێگەیەک هەیە بۆ دانانی ئەو جۆرە پیتانە لە نێو بوخچەی جۆرەپیتەکانی نێو ویندۆز. من لێرەدا دوو لەو ڕێگانە شیدەکەمەوە کە هەندێک بەناوبانگترن لەوانی دیکە.
ڕێگەی یەکەم> لەکاتی هەبوونی پەڕگەیەکی EXE، دروستکراو بە پرۆگرامی Winzip. کە شێوەیەکی ئامادەیە و بەیەک کرتە فۆنتەکان دەنێرێتە نێو بوخچەی جۆرەپیتەکانەوە. وەک لە وێنەی خوارەوە ڕوونە.




1> ئیکۆنی پەڕگەکە بەو شێوەیە دەبێ.
2> ئەو شوێنەی کە جۆرەپیتەکانی تێدەچێت، بۆ ئاگاداری C ئەو Partition ـەیە کە ویندۆزی لە سەر دامەزێنراوە، ئەگەر ویندۆزەکەی تۆ لەسەر Partition ـێکی دیکەیە، دەبێ بیگۆڕی بۆ ئەوەی خۆت. بۆ نموونە D.
3> کرتە بکە سەر Unzip بۆ ناردنی جۆرەپیتەکان بۆ نێو بوخچەی جۆرەپیتەکانی ویندۆز.
بەو شێوەیە ڕێگەی یەکەم کۆتایی پێدێت.
ڕێگەی دووەم.
بە ڕوونووس (Copy) و لکاندن (Paste).
ئەگەر هەندێک جۆرەپیتت هەیە و بەو فۆرماتەی سەرەوە نین، دەتوانی بە ڕوونووس و لکاندن بیانبەیتە نێو بوخچەی جۆرە پیتەکان.




وەک لە وێنەی سەرەوە روونە، بەلای راستی مشکی کۆمپیوتەرەکەت کرتەیەک بکە سەر جۆرەپیتەکان و پاشان Copy کرتە بکە.
برۆ بۆ بوخچەی جۆرە پیتەکان لە ویندۆز. C:WINDOWSFonts و لەوێدا بەلای راستی کرتەیەک بکە و پاشان Paste کرتە بکە.




بۆ ئاگاداری> ئەو جۆرەپیتانەی کە لە بوخچەی جۆرەپیتەکاندا هەن، هەر ئەوانەن کە پرۆگرامەکانیش بەکاری دەبەن، بۆ نموونە: فۆتۆشۆپ یان میکرۆسۆفت وۆرد.
کۆتایی.

Oct 2005 13

**Chin Bar**
**Your One-Stop Body Jewellery Shop. 100% Safe Shopping. Buy Online Now!**

**Sagging Face Skin?**
**Regain a More Youthful Appearance in 30 minutes! Learn More Now**

Ads by Google